Ministry of Foreign Affairs of the Netherlands

spark

کەمکردنەوەی مەترسی بۆ پرۆژەکانی کۆمپانیا مام ناوەندەکان و بچووکەکان

رنيم بادنجكي

شوباتی 2021

ئـەم نامیلکەیـە لەلایـەن رنیـم بادنجکـی ئامادەکـراوە بـۆ سـپارک وەک بەشـێک لـە وەڵامدانـەوەی پـرۆژە ئابوورییـە بچـوک و مامناوەنـدەکان بـۆ ڤایرۆسـی کۆرۆنـا لەژێـر پرۆگرامـی کار و تێڕوانیـن.

ئـەم پرۆگرامـە پشـتیوانی دەکرێـت لەلایەن وەزارەتـی دەرەوەی هۆڵەنـدا، وە ئامانجـی خێراکردنی گەشەسـەندنی ئابوورییـە لـە عێراقدا.

سـپارک هەلـی گەیشـتن بـە خوێندنـی بـاڵا دەسـتەبەر دەکات و پشـتگیری گەشەسـەندنی پێشـەنگی کار دەکات لـە وڵاتانـی پاشـماوەی جەنـگ بـۆ ئـەوەی خەڵکانـی گەنـج و دڵخـواز بتوانـن کۆمەڵگاکانیـان بـەرەو جێگیـری و سـەرکەوتن بـەرن.

سـپارک ژمارەیەکـی زۆری پیشـە و پرۆگرامـی پێشـەنگی کاری هەمەجـۆر بەردەسـت دەکات لـە ئەورووپـا، ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت و ئەفریقـا. ئێمـە باوەڕمـان وایـە کـە گەشەسـەندنی بەردەوامـی ئابووری بنچینەیە بۆ کەمکردنەوەی نەبوونـی. بـە پێشکەشـکردنی خزمەتگـوزاری گەشەسـەندنی کەرتـی تایبـەت بـۆ گەنجانـی ناوچـە کارتێکـراوەکان بـە ناکۆکـی و شـەڕ، بڕوامـان وایـە ئەگـەری ناکۆکـی زیاتـر بـە شـێوەیەکی بەرچـاو کـەم دەبێتـەوە.

Ministry of Foreign Affairs of the Netherlands

spark

المحطة
THE STATION

©٢٠٢١، هەمـوو مافـەکان پارێـزراوە بـۆ سـپارک. هیـچ بەشـێک لـەم بڵاوکراوەیـە نابێـت دووبـارە بەرهەمبهێنرێتـەوە، لەبەربگیرێتـەوە، کۆپـی بکرێـت، یاخـود بفرۆشـرێت بـێ ڕێگەپێـدراوی نوسـراوی سـپارک.

دیزاین کراوە لەلایەن: ڕامی شاباڕێک

ناوەرۆك

کەمکردنەوەی کاریگەریی تەنگژەکان بۆچی؟ ١

چۆنییەتی بەکارهێنانی ئەم ئامرازگەلە ٢

کەمکردنەوەی تەنگژەکان چییە؟ ٣

باشە، قەیرانێک هەیە: چی دەکەیت؟ ٤

پرۆسەیەکی بەڕێوەبردنی تەنگژەکان ئامادە بکە ٦

١. دیاریکردن ٧

٢. هەڵسەنگاندن و لەپێشینەدانان: ٨

٣. کەمکردنەوە: ١٠

٤. چاودێری کردن ١٢

وەڵامدانەوەی کۆڤید_١٩ بەشێوەیەکی کاریگەر: ١٤

وەڵامدانەوە بۆ ڕووداوەکانی ئێستا: ١٥

چاکبوونەوە و جێگیرکردن: ١٦

کەمکردنەوەی کاریگەریی و دانانی ستراتیژی بۆ کۆڤید_١٩: ١٨

بنیاتنانی خۆڕاگری و بەردەوامی: ١٨

ئەو وانانە لەدەست خۆت مەدە کە لە کۆڤید_١٩ فێری بووین ٢٠

کەمکردنەوەی کاریگەریی تەنگژەکان بۆچی؟

نادڵنیایی و قەیرانەکانی ڕابردوو کاریگەرییەکی بنچینەییان هەبووە لەسەر چۆنییەتی کار ڕاییکردن لە ڕێخراو و بزنسەکانی ئەمڕۆدا. لەبەرئەوەیە کاتێک ڕووبەڕووی هەڕەشەیەک دەبینەوە، فێردەبین خۆمان بگونجێنین تاکو ڕزگارمان بێت لێی، پاشان هەڵدەستین بە دانانی پلان و ستراتیژی بۆ خۆلادان لە یاخود بچووککردنەوەی زیانەکانمان لەحاڵەتێکدا ئەگەر دووچاری هەڕەشەیەکی هاوشێوە ببینەوە.

لە عێراق، پێویستییەکی تەشەنەسەندوو بۆ کەمکردنەوەی تەنگژەکان هەیە چونکە کۆمپانیا بچووک و مامناوەندەکان لە ژینگە بارودۆخێکی کارکردنی ناجێگیردا کار ڕایی دەکەن و ناچارن ڕووبەڕووی چەندین هەڕەشە بۆ سەر بزنسەکەیان ببنەوە، هەر لە نائارامیی سیاسیی و دابەزینی نرخی نەوتی نێودەوڵەتییەوە بۆ دوایین هەڕەشە کە بریتییە لە کۆڤید_١٩، هەموو ئەمانە ئاڵنگاریی زیاتر و زیاتریان بۆ کۆمپانیاکان درووستکردووە لەبەردەم مانەوەیاندا.

کاتێک دەخرێتە کار، ستراتیژیی کەمکردنەوەی تەنگژەکان دەتوانێت کۆمپانیاکەت بپارێزێت لەڕێگەی بچووککردنەوەی کاریگەریی ئەو هەڕەشانە و ڕێگەدان پێت کە پەرە بە بزنسەکەت بدەیت و ئامادەکردنت بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی هەر هەڕەشەیەک کە لەداهاتوودا شیاوی ڕوودان بێت.

چۆنییەتی بەکارهێنانی ئەم ئامرازگەلە

ئـەم ئامرازگەلـە ڕێنمایـی و ئامـرازی تێدایـە تـا یارمەتیـت بـدات لـە پاراسـتنی کۆمپانیاکـەت لـە تەنگژەکانـی ئێسـتا و داهاتـوو. لێـرەدا چەنـد هەنگاوێـک دەدۆزیتـەوە بـۆ درووسـتکردنی پرۆسـەیەکی نوێـی بەڕێوەبردنـی تەنگـژەکان یاخـود ئەگـەر ئێسـتا پرۆسـەیەکت هەیـە ئـەوا ئـەو پرۆسـەیەت بـۆ دەگونجێنێـت.

بەشـی دووەمـی ئـەم ئامرازگەلـە تەرخانکراوە بـۆ کۆڤیـد_١٩: چۆنییەتـی کاردانـەوە بەرامبـەر ئـەم پەتایـە و هەڕەشـەکانی، هەروەها چۆنییەتـی چاکبوونـەوە لێـی و کەمکردنـەوەی تەنگـژەکان و بنیاتنانـی توانـای خۆڕاگریـی لەنێـو کۆمپانیاکەتـدا.

تکایـە کاتێکـی بـاش تەرخـان بکـە بـۆ خوێندنـەوەی هـەر هەنـگاو و ئامرازێـک لەگـەڵ تیمەکەتـدا، گفتوگۆکـردن لەبـارەی هـەر ڕێگایـەک بـۆ گونجاندنـی ئـەو ئامرازانـە لەگـەڵ بزنسـەکەتدا و پێکـەوە بڕیـاردان لەسـەر پلانێـک بـۆ جێبەجێکردنـی ئـەو ڕێگایـە بەشـێوەیەکی کاریگـەر و کارایانـە.

کەمکردنەوەی تەنگژەکان چییە؟

بریتییە لە کردارێک کە پێی هەڵدەستیت بۆ کەمکردنەوەی بەریەککەوتنی کۆمپانیاکەت لەگەڵ ئەو تەنگژەیانەی کە ئەگەری ڕوودانیان هەیە، بۆ کاردانەوە بەرامبەر تەنگژەکانی ئێستا و هەروەها بۆ کەمکردنەوەی ئەگەری کاریگەربوون لەحاڵەتێکدا ئەگەر ئەو تەنگژەیانە دووبارە ببنەوە.

کەمکردنەوەی تەنگژەکان یەکێکە لە هەنگاوەکانی بەڕێوەبردنی تەنگژەکان، کە ئەمانە لەخۆدەگرێت: دیاریکردن، هەڵسەنگاندن، لەپێشینەدانان، کەمکردنەوە و چاودێری کردنی تەنگژەکە.

کۆمپانیا بچووک و مامناوەندەکان ڕووبەڕووی چەندین جۆری تەنگژە دەبنەوە، هەندێک لەوانە دەکرێت ببنەهۆی زیانی زۆر بۆ بزنسەکەت یاخود کارمەندەکانت، هەروەها تەنانەت دەکرێت ببنەهۆی مایەپووچ بوونیش. بۆ سەرکەوتوویی و پاراستنی هەمووکەسێک و هەموو بەها بنچینەییەکانی کۆمپانیاکەت، پێویستە ئاگاداری ئەو تەنگژەیانە بیت و لەگەڵ تیمەکەتدا کاربکەیت لەسەر بەرەدان بە پرۆسەیەکی کاریگەری بەڕێوەبردنی تەنگژەکان کە ستراتیژییەکانی کەمکردنەوەی تەنگژەکانیش لەخۆبگرێت.

باشە، قەیرانێک هەیە: چی دەکەیت؟

کاتێک قەیرانێک هەڕەشە لە بزنسەکەت دەکات، جا ئەگەر کارەساتێکی سروشتی بێت، ململانێی سیاسی بێت، داکشانی ئابووری یاخود پەتایەکی بڵاوبووەوە بێت، ناتوانیت بەتەواوی کۆمپانیاکەت بەدووربگریت و کاریگەر نەبیت پێی، بەڵام دەتوانیت مەترسییەکان بۆ کەمترین ڕادە کەمبکەیتەوە و خۆت بگونجێنیت و وانەشی لێوە فێرببیت لەپێناو داهاتوویەکی باشتردا. ئەمانە چەند هەنگاوێکن کە دەتوانیت بیانگریتەبەر بەڵام دەبێت زوو دەستپێبکەیت:

١. خەڵک لەپێشترن: لەهەموو قەیرانەکاندا، گرنگترین سامانی بزنسەکە بریتییە لە کەسەکان، کە کارمەندەکان و کڕیارەکان و هاوبەشەکان و دابینکەران و...هتد لەخۆدەگرێت. یەکەم شت کە لەکاتی بارێکی لەناکاودا دەبێت ئەنجامی بدەیت ئەوەیە کە دڵنیای بکەیتەوە هەموو کەسەکانی ناو کۆمپانیاکەت پارێزراو و سەلامەتن.

٢. ئەوەی بنچینەییە بۆ مانەوەی بزنسەکەت دیاری بکە: هەر کە دڵنیابوویت کەسەکانی ناو کۆمپانیاکەت سەلامەتن، هەنگاوی دواتر بریتییە لەوەی خۆت و تیمەکەت بەها بنچینەییەکانی بزنسەکەت دیاری بکەن، هەروەها دڵنیاببنەوە لەوەی ئەو بەهایانە کاریان پێدەکرێت تاکو هێندەی لەتواناداببێت زیانەکان کەمبکرێنەوە. دەشێت بەها بنچینەییەکان بەرهەمێک، ماڵپەڕێک، سیستەمێکی گەیاندن، دانەوەی پارە بە قیست...هتد، بن.

٣. پەیوەندی، پەیوەندی، پەیوەندی: وەکو سەرکردەیەک، پێویستە جەخت بکەیتەوە لە هاوبەشی پێکردنی زانیاری و نیگەرانی و گوومانەکان بەبەردەوامی لەگەڵ خاوەن بەرژەوەندییە سەرەکییەکان و تیمەکەت و هاوبەش و دابینکەرەکانت بۆ ئەوەی ئاگاداربن و بەشداربن لە پلانی بەڕێوەبردنی تەنگژەکانتدا. بەردەوامیدان بە پەیوەندی لەکاتی قەیراندا شتێکی بنچینەییە.

٤. پڕۆسەیەکی بەڕێوەبردنی تەنگژەکان بخەکار: لە بەشەکانی دواتری ئەم ئامرازگەلەدا فێری ئەوە دەبیت چۆن پڕۆسەیەکی کاریگەری بەڕێوەبردنی تەنگژەکان بخەیتەگەڕ تاوەکو ئامادەبێت بۆ وەڵامدانەوەی ئەو تەنگژانەی کە هەڕەشەن بۆ سەر بزنسەکەت.

٥. بەردەوامبە لە پەیوەندی: تەنانەت دوای ئەوەی توانیت مەترسیی تەنگژەیەک کەمبکەیتەوە یاخود لەناوی ببەیت، پێویستە بەردەوامی بە پەیوەندییەکانت بدەیت لەگەڵ ئەوانەی کە لەو پڕۆسەیەدا

بەشداربوون و هەروەها بۆ بەردەوامبوون لەسەر پلانی کەمکردنەوە لەحاڵەتێکدا ئەگەر هەر گۆڕانکارییەک هەبێت کە پێویست بە جێبەجێکردنی نوێ بکات.

٦. بیر لە داهاتوو بکەرەوە: کاتێک تەنگژە ڕاستەوخۆکەت خستە ژێر کۆنترۆڵی خۆتەوە، پێوستت بەوە دەبێت کە کاریگەرییەکەی لەسەر بزنسەکەت هەڵبسەنگێنیت جا دارایی بێت، کردەیی بێت، یاخود شتێکی تر، هەروەها لەوانەشە بڕیاری گۆڕانکاریکردن لە پرۆسەی بەڕێوەبردنی تەنگژەکانتدا بدەیت بە پشتبەستن بەوەی فێری بوویت. ئەمە یارمەتیت دەدات کە شتی سوودبەخش فێربیت لەحاڵەتێکدا ئەگەر لەداهاتوودا ڕووبەڕووی تەنگژەی هاوشێوە بوویتەوە.

ئەم خشتەیەی دواتر یارمەتیت دەدات لە ئاڵوگۆڕکردنی بیرۆکەکانت لەبارەی هەموو ئەو خاڵانەی سەرەوە لەگەڵ تیمەکەتدا:

پرۆسەیەکی بەڕێوەبردنی تەنگژەکان ئامادە بکە

لەهەر قۆناغێکی سووڕی ژیانی بزنسەکەتدا شتێکی زۆر ئاساییە ڕووبەڕووی ئەو تەنگژەیانە ببیتەوە کە ناتوانیت خۆتیان لێ بەدووربگریت. بەڵام ئەوەی دەتوانیت بیکەیت ئەوەیە کە مەزەندەی ئەو تەنگژەیانە بکەیت و کەمیان بکەیتەوە، ئەوەش واتا بزنسەکەت بە کەمترین زیان ڕزگاری دەبێت. هەر کە پرۆسەیەکی پتەوی بەڕێوەبردنی تەنگژەکانت پێشوەختە ئامادەکرد، بۆ خۆت و تیمەکەت ئاسانتر دەبێت کە بەشێوەیەکی کاریگەر وەڵامی هەر قەیرانێک بدەنەوە.

ئامادەکردنی پرۆسەیەکی بەڕێوەبردنی تەنگژەکان وەکو دانانی ئامێری ئاگادارکردنەوەی ئاگر وایە. هیوادارین هەرگیز گوێبیستی نەبیت بەڵام بیریش لەوە دەکەیتەوە کە خۆت و تیمەکەت چەندە هەست بە سەلامەتی دەکەن کە دەزانن لەوێدایە!

هەمووان پارێزراون و زۆریش لە چاککردنەوەی ئۆفیسێکی سووتاو کەمتری تێدە چێت .

بۆیە تیمەکەت کۆبکەرەوە و لەڕێگەی ئەم هەنگاوانەی دواترەوە پلان بۆ پرۆسەیەکی باش دامەزراوی بەڕێوەبردنی تەنگژەکان لە کۆمپانیاکەتدا دابنێ:

پرۆسەی بەڕێوەبردنی تەنگژەکان

١. دیاریکردن

بیـر لـە هـەر تەنگژەیـەک بکـەرەوە کـە ڕەنگـە لەداهاتوویەکـی نزیـک یاخـود دووردا بزنسـەکەت دووچـاری بێتـەوە. داوا لـە هەمـوو ئەوانـەی نـاو تیمەکـەت بکـە کـە بـە پشتبەسـتن بـە بـواری کارکردنیـان یاخـود ئەزموونـی پێشـتریان زانیارییەکانیـان هاوبەشـی پێبکـەن. لەوانەیـە خشـتەی دواتـر بەکاربێنیـت و جۆرەکانـی ڕیـک بخەیـت بـۆ چارەسـەکردنی تەنگـژەکان، ئەمـەش بـە پشتبەسـتن بـە سروشـتی تەنگژەکـە.

خشتە: تەنگژەکان					
تەنگژە ناوەکییەکان		تەنگژە دەرەکییەکان		تەنگژەکانی بازاڕ	
کردارەکانی/ تەکنەلۆژیای بزنس	ژینگەی کار/ کارمەندەکان	سرووشتی	حکومـی / سیاسـی / ئابـووری	زنجیرەی شتوومەک	ڕکابەرەکان
....	....	....	....	....	....
....	....	....	....	....	....
....	....	....	....	....	....

نموونەی ئەو تەنگژەیانەی کە دەکرێت ڕووبدەن:
نرخی نزمتر لەلایەن ڕکابەرێکی نوێوە (تەنگژەی بازاڕ)
شەپۆلێکی تری کۆڤید_١٩ (تەنگژەی دەرەکی)
قەیرانی ئابووری بەهۆی دابەزینی نرخی نەوتەوە (تەنگژەی دەرەکی)
کارمەندی ناڕازی (تەنگژەی ناوەکی)
تەکنەلۆژیای نوێ لە پیشەسازییەکەتدا (تەنگژەی ناوەکی)

٢. هەڵسەنگاندن و لەپێشینەدانان:

کاتێک هەموو هەڕەشە و تەنگژەکانی بزنسەکەتت دیاریکرد، پێویستە لەگەڵ تیمەکەتدا بەوردی تەماشای هەر یەکێک لەم تەنگژەیانە بکەن و هەڵسەنگاندنیش بۆ ئەگەری ڕوودانی و کاریگەریی ڕوودانی بکەن.

لەڕێگای هەژمارکردنی بەهای هەر تەنگژەیەک، لەتواناتدا دەبێت ئەو تەنگژە گرنگانە لەپێشینە دابنێیت کە پێویست دەکات لە سەرەتادا مامەڵەیان لەگەڵ بکرێت.

ئەم هەنگاوە بە پەلە ئەنجام مەدە. کاتی خۆت وەرگرە و بەشداری بە تیمەکەت بکە لە کۆکردنەوەی هێندەی داتا و توێژینەوە کە لەتوانادایە بۆ ئەوەی هەڵسەنگاندنەکانت وردتر و تەواوتربن.

ئەم خشتەیەی خوارەوە بەکاربێنە بۆ جیاکردنەوەی تەنگژەکان بە پشتبەستن بە ئەگەری ڕوودانیان و کاریگەرییان:

خشتە: ئەگەری ڕوودان/کاریگەریی تەنگژە



خشتەیەک دیزاین بکە کە هەردووکیان لە خۆ بگرێت

هەروەکو لە خشتەی سەرەوەدا دەتوانین ببینین:

- ئەو تەنگژەیانەی کە ئەگەری ڕوودانیان زۆرە/کاریگەرییان زۆرە زیاتر گرنگن و پێویستە لە سەرەوەی لیستەکەتدابن.

نموونە: دابەزینێکی تر لە نرخی نەوتدا لە عێراق دەکرێت زنجیرەیەک لە تەنگژەی کاریگەری زۆر بۆ بزنسەکەت بەدوای خۆیدا بهێنێت وەکو سەپاندنی باجی زیاتر لەلایەن حکومەتەوە و داخوازیی کەمتر بۆ بەرهەمەکانت.

- ئەو تەنگژەیانەی کە ئەگەری ڕوودانیان کەمە/کاریگەرییان زۆرە گرنگن بەڵام زۆر بە کەمی ڕوودەدەن، ئەوەش واتا پێویستە پلانێکی کەمکردنەوەت هەبێت لەحاڵەتێکدا ئەگەر ڕوویاندا.

نموونە: بوونی کەموکوڕی لە بەرهەمەکەتدا ئەگەری ڕوودانی کەمە ئەگەر کوالیتی کۆنترۆڵێکی باشت هەبێت، بەڵام ئەگەر ڕوویدا ئەوا کاریگەرییەکەی زۆر دەبێت بەوپێیەی بزنسەکەت دووچاری زیان دەبێتەوە.

- ئەو تەنگژەیانەی کە ئەگەری ڕوودانیان زۆرە/کاریگەرییان کەمە لە ئاستی ماماوەند دان و پێویستە ئامادەبیت بۆ خۆگونجاندن و ڕووبەڕووبوونەوەیان کاتێک ڕوودەدەن.

نموونە: هاتنەناوەوەی ڕکابەری نوێ بۆ ناو بازاڕ ئەگەری زۆرە، بەڵام ئەگەر بەشێکت هەبێت لە بازاڕدا بە بنچینەیەکی باشەوە دەکرێت کاریگەرییەکەی لەسەر بزنسەکەت کەم بێت.

- ئەو تەنگژەیانەی کە ئەگەری ڕوودانیان کەمە/کاریگەرییان کەمە زۆربەی کات دەکرێت فەرامۆش بکرێن.

نموونە: بەرزکردنەوەیەکی لەناکاوی نرخ لەلایەن شتوومەک دابینکەرەکەتەوە ئەگەری ڕوودانی کەمە ئەگەر پەیوەندییەکی باش لەنێوانتان هەبێت، بەڵام تەنانەت ئەگەر ئەوەش ڕوویدا ئەوا دەتوانیت کاریگەرییەکەی کەمبکەیتەوە لەڕێگەی مشتومڕکردن لەسەر نرخەکان یاخود گەڕان بەدوای سەرچاوەی تردا.

بەهای تەنگژە:

ڕێگایەکی تر بۆ هەژمارکردنی بەهای تەنگژە بۆ دیاریکردنی ئەوەی کامەیان گرنگی زۆرە، ماماوەندە، یاخود کەمە بریتییە لە بەکارهێنانی ئەم هاوکێشەیە:

بەهای تەنگژە = ئەگەری ڕوودانی تەنگژە × تێچووی تەنگژە

بۆ نموونە: با بڵێین تۆ دوو تەنگژەت دیاریکردووە:

تەنگژەی یەکەم بریتییە لە لەدەستدانی چەند کڕیارێک بۆ ڕکابەرێک، چانسی

ڕوودانی ئەمە (٨٠٪)یە، هەروەها بەپێی هەڵسەنگاندنەکەت بێت، ئەو زیانەی کە لە فرۆشدا دەکەوێتەوە ١٠٠ هەزار دۆلار دەبێت، کەواتە بەهای تەنگژە بریتییە لە:

٠.٨٠ × ١٠٠ هەزار = ٨٠ هەزار دۆلار

تەنگژەی دووەم بریتییە لەوەی حکومەت باجێکی نوێ بەسەر کۆمپانیاکاندا بسەپێنێت، چانسی ڕوودانی ئەمە (٥٠٪)یە، هەروەها تێچووەکەی لەساڵێکدا ١٠ هەزار دۆلار دەبێت، کەواتە بەهای ئەم تەنگژەیە بریتییە لە:

٠.٥٠ × ١٠ هەزار = ٥ هەزار دۆلار

بەپێی ئەم هەژمارکردنانە بێت، واباشترە کە سەرەتا تەنگژەی یەکەم چارەسەر بکرێت لەبەرئەوەی گرنگترە و زۆرترین کاریگەریی هەیە

٣. کەمکردنەوە:

ئێستا دەزانیت کام تەنگژەیانە پێویستیان بە چارەسەری دەستبەجێ هەیە و کامانەش دەکرێت لە ماوەیەکی درێژخایەنتردا چارەسەر بکرێن. پلانێکی کەمکردنەوە دابنێ بۆ چارەسەرکردنی هەریەکێکیان بە ڕێگایەک کە کاریگەرترین بێت و تێچووەکەشی گونجاوترین بێت.

پێنج ستراتیژی هەن کە دەتوانیت بەپێی سرووشت و ئاست و کاریگەریی تەنگژەکە بەکاریان هەڵیانبژێریت:

ستراتیژیی قبووڵکردن:

ئەم ستراتیژییە کاتێک پەیڕەودەکەیت کە دەرئەنجامەکانی تەنگژەکە لە ئاستی توانا و قبوڵکردنی بزنسەکەتدابن. زۆربەی کات بۆ ئەو تەنگژە باوەکان پەیڕەودەکرێت وەکو خەرجیی زیاد لەپێویست بۆ پڕۆژەیەک، ڕانەگەیشتن بە دواوەڵەت، یاخود بەباشی کارنەکردن کە هەمیوویان قبووڵکراویان بەو مەرجەی کاریگەرییەکەیان بۆ کەمترین ئاست کەمبکرێتەوە.

بۆ نموونە: تۆ بەهای تەنگژەی لەدەستدانی یەکێک لە دابینکەرەکانت بە ٤ هەزار دۆلار خەملاندووە، ئەگەری ڕوودانی تەنگژەکە کەمە (ئەگەری (٢٠٪)، ئاستی نزمە)، هەروەها شوێنگرتنەوەی ئەو دابینکەرە بە دانەیەکی نوێ بڕی ١٠ هەزار دۆلاری تێدەچێت بەهۆی نرخی بەرزتری شتوومەکەوە، لەوکاتەدا زیرەکانەترین بڕیار بریتییە لە قبووڵکردنی ئەم تەنگژەیە و لەهەمان کاتدا بیرکردنەوە لە جێگرەوەی تریش.

ستراتیژیی خۆبەدوورگرتن:

ئەم ستراتیژییە چەند دەرفەتێکت دەخاتەپێش بۆ خۆبەدوورگرتن لە تەنگژە قبووڵکراوەکە. ئەم ستراتیژییە دەربارەی پلان دانان بۆ تەنگژەیەک و جێبەجێکردنی هەنگاوە پێویستەکانیشە بۆ خۆ بەدوورگرتن لێی، وەکو پشکنینێکی نوێی بەرهەمەکەت لە چوارچێوەیەکی بچووکتردا بۆ تاقیکردنەوەی

تێچوو و کارایییەکەی تاوەکو خۆت لە تەنگژەی شکستهێنانی بەرهەمی کۆتایی بەدووربگریت.

بۆ نموونە: تۆ ئەوەت دیاریکردووە کە تەنگژەیەک لە کارامەیی تیمەکەتدا هەیە و دەشێت کاریگەرییەکی زۆر بکاتە سەر فرۆشی گشتی، ئەوەی پێویستە لێرەدا بکرێت ئەوەیە کە لەگەڵ تیمەکەتدا کاربکەیت بۆ خۆبەدوورگرتن لەم تەنگژەیە ئەویش لەرێگای جێبەجێکردنی بەرنامەیەکی بنیاتنانی تیمەوە.

ستراتیژیی هاوبەشی پێکردن:

یەکێک لە ستراتیژییە درێژخایەنەکان کە لەوانەیە سوودی بۆ کۆمپانیاکەت هەبێت بریتییە لە کەمکردنەوەی کاریگەریی تەنگژەکە لەرێگەی گواستنەوە یاخود هاوبەشی پێکردنی لەگەڵ لایەنێکی تردا. بەڵام تەنها ئەوکاتە دەکرێت پەیڕەوبکرێت کە هەموو لایەنەکان قبووڵی بکەن و پێی ڕازی بن. دەکرێت ئەو لایەنانە دابینکەرێک، تیمێکی تر لەنێو کۆمپانیاکەدا، یاخود کۆمپانیایەکی هاوبەش بن.

بۆ نموونە: دەتەوێت کاریگەریی تەنگژەی کەموکوڕی لە بەرهەمدا کەمبکەیتەوە کە دەکرێت هۆکارەکەی کێشەیەک بێت لەو ماددانەدا کە لە دابینکەرێکی دەرەکی کڕدرابێت. ئەوەی لێرەدا ئەنجام دەدرێت بریتییە لە گفتوگۆکردن لەسەر ڕێککەوتنێک لەگەڵ دابینکەرەکەتدا کە تیایدا ئەوە هاتبێت هەموو یانخود بەشێکی تێچووی کەموکوڕیی لە بەرهەمەکەدا دابینکەرەکە بیدات.

ستراتیژیی کۆنترۆڵ:

ئەم ستراتیژییە لەرێگەی کارکردن بۆ کەمکردنەوە یاخود نەهێشتنی کاریگەریی ئەو تەنگژەیانە کاردەکات کە پێشتر قبووڵکراون.

ڕێگایەکی کاریگەر بۆ کۆنترۆڵکردنی کاریگەریی تەنگژەکان بریتییە لە لە ئەنجامدانی تاقیکردنەوە کە یارمەتیت دەدات لە چاودێریکردنی ئەو شوێنەی کە کێشەکانی لێ ڕوودەدات و پاشان نەهێشتنی ئەو چالاکییانەی کە تەنگژە تیایاندا زۆرە لە ماوەیەکی بچوکدا. دوو جۆر لە کردار هەیە کە دەبێت پێش ئەوەی لە ماوەیەکی فراوانتردا بەردەوام بیت ئەنجامیان بدەیت:

١. ڕێگریی: دەستبەکاربوون بۆ ڕێگەگرتن لە ڕوودانی ڕووداوی پڕ تەنگژە. بۆ نموونە مەشق کردن بە تیمەکەت لەبارەی تەندروستی و سەلامەتی، سایبەر سیکوێریتی، هەروەها کردکردن لە دووروە کاتێک تەنگژەی قەدەغەکردنی هاتووچۆی تەواو هەیە بەهۆی کۆڤید_١٩ وە.
٢. بەدواداگەڕان: دەستبەکاربوون بۆ دیاریکردنی ئەو کێشانەی کە دەکرێت لە ماوەی پرۆسەیەکدا ڕووبدەن، پاشان دانانی پلانێک بۆ دەستبەجێ چارەسەرکردنی ئەو کێشانە کە ڕوودەدەن. ئەمە دەکرێت بریتی بێت لە کەمکردنەوەی

تێچووەکان کاتێک ناتوانیت قازانج بکەیت یاخود دەستکردن بە کامپەینێکی بەبازاڕکردنی نوێ کاتێک هەندێک لە کڕیارەکانت لەدەست دەدەیت.

٤. چاودێری کردن

دوایین هەنگاو لە پرۆسەی بەڕێوەبردنی تەنگژەکاندا بریتییە لە چاوگێڕان بۆ هەر گۆڕانکارییەک لە بازاڕدا، لە ژینگەی کارکردندا، لە ئابووریدا یاخود لە دۆخی سیاسیدا کە ڕەنگە کاربکەنە سەر سرووشت یاخود کاریگەریی تەنگژەکان.

هەر گۆڕانکارییەک مانای ئەوەیە کە پلانی کەمکردنەوەی کاریگەرییەکانت چیتر کاریگەر نییە و پێویستی بەوەیە بەپێی گۆڕانکارییەکان بگونجێنرێت.

چاودێریکردنی بەردەوام یارمەتیشت دەدات لە تازەکردنەوەی لەپێشینەیی هەر تەنگژەیەک، هەروەها ئاگاداربوونت لەکاتێکدا ئەگەر تەنگژەیەکی نوێ سەر دەربخات یاخود ئەوانەی بوونیان هەیە نەمێنن.

ئەم نموونەیە لە دۆزەرەوەی تەنگژە بەکاربێنە بۆ چاودێریکردنی هەر تەنگژەیەک و ئاستەکەی و پلانی کەمکردنەوەی کاریگەرییەکەی. دڵنیابەرەوە لەوەی کە بەبەردەوامی تازەدەکرێتەوە:

بەرپرس لە چاودێری کردن	جۆر	تەنگژە	کاریگەرییەکان کە دەکرێت ڕووبدەن	ئەگەری ڕوودان	ئاستی تەنگژە	بەهای تەنگژە=ئەگەری ڕوودان×تێچوو	پلانی کەمکردنەوە	ئاستی تەنگژە دوای کەمکردنەوە
ئەمەل	تەکنەلۆژیا	کڕیاری زیاتر پشت بە کڕینی ئۆنلاین دەبەستن هەر زوو دوای ئەوە ناتوانین لەئاستی ویستەکانی کڕیارەکانماندا بین	کڕیارەکانمان بەو ڕکابەرانەمان دەدۆڕێنین کە سەکۆی ئۆنلاین بەکاردەهێنن	ماناوەند	بەرز	× ٧٠٪ = ١٠٠٠٠ دۆلار ٧٠٠٠ دۆلار	دەستکردنن بە لەبەرچاوکردنی بژاردەکان بۆ دابینکردنی بەرهەمەکانمان بەشێوەی ئۆنلاین دانانی پلانێک بۆ سیستەمێکی گەیاندنی کاریگەر و خێرا	نزم
عەلی	زنجیرەی شتوومەک	دابینکەران لە بەغداد شتوومەکی نافرۆشن بەهۆی ڕاگرتنی هاتووچۆی لەلایەن حکوومەتەوە	دابینکەری نوێ نادۆزینەوە بەرلەوەی کۆگای شتوومەکەکانمان بەتاڵ بێت	بەرز	بەرز		پەیوەندی کردن بە دابینکەری جیاوازەوە لە شوێنە جیاوازەکان و مشتومڕکردن لەبارەی نرخەکانەوە بۆ ڕێککەوتنەکانی داهاتوو پەیوەندی کردن بە دابینکەرەکانی ئێستاوە بۆ مشتومڕکردن لەبارەی جێگرەوەکانەوە	نزم

وەڵامدانەوەی کۆڤید_١٩ بەشێوەیەکی کاریگەر:

هەمووومان هیوادەخوازین کە ڤایرۆسی کۆرۆنا هەر لەخۆیەوە دیارنەمێنێت و ئێمەش بگەڕێینەوە سەر ژیانی ئاسایی خۆمان، بەڵام بەداخەوە زاناکان پێیان ڕاگەیاندووین کە ئەم ڤایرۆسە بۆ هیچ شوێنێک ناچێت، لانیکەم لە داهاتوویەکی نزیکدا.

هەروەها بەوپێیەی کە تەنگژەی کاریگەرییەکی دیارتر و بەربڵاوتری کۆڤید_١٩ هێشتا ماوە، پێویستە دڵنیای بکەیتەوە کە توانای کاردانەوە و وەڵامدانەوەی کاریگەرت بەرامبەری هەیە بۆ پارێزگاریکردن لە تیمەکەت و بزنسەکەت.

لەکاتێکدا کە ئەم پەتایە لە گەشەسەندندایە، هەموو بزنسەکان لەئێستاوە بەشی خۆیان کاریگەربوون و زۆر بە خراپی کاری لە ئیشکردنیان کردووە و هەندێکیشیانی بەرەو داخستن یاخود مایەپووچ بوون بردووە. لەپاش چاکبوونەوە لەم کاریگەرییانە، کاتی ئەوەیە کە سەرنجت و کۆششەکانت بۆ گەڕانەوە سەرکار بن، هەروەها بۆ هەڵسان بە ئەنجامدانی ئەو گۆڕانکارییانەی کە پێویستن لەوبارەیەوە. پێویستە دەست بکەیت بە گۆڕان لە جێگۆڕکێوە بۆ جێگیربوون و دانانی ستراتیژی بۆ ڕووداوەکانی داهاتوو. بەم شێوەیە:



وەڵامدانەوە بۆ ڕووداوەکانی ئێستا:

لێرەدا وەڵامی ئەو ڕووداوانە دەدەیتەوە کە ڕوویانداوە و هێشتاش خەریکن ڕوودەدەن. سەرەتا پێویستە لەگەڵ تیمەکەتدا سەرنج بخەنەسەر ئەم بوارانە:

خەڵک: سەپاندنی ڕێوشوێنە پێویستەکان بۆ پاراستنی هێزی کار بەوپێیەی ئەوە گرنگترین سامانە بۆ بزنسەکەت.

بەدوای ڕێگای داهێنەرانەدا بگەڕێ بۆ پاڵپشتیکردن لە تەندرووستیی تیمەکەت و با بەرهەمیشت هەبێت، جا لەدوورەوە کاربکەن یاخود نا. سەرچاوەکانی بەردەوامیدان بە کار بۆ تیمەکەت دابین بکە، هەڵسەنگاندن بۆ تێچووی ئەو سەرچاوانە بکە و بڕیاری دابەشکردن یاخود بڕینی تێچووەکان بدە لەکاتێکدا کە ویستی هێشتنەوەی کارمەندەکانیشت هەبێت. گرنگترین شت کە دەبێت لێرەدا سەرنج بخەیتە سەری بریتییە لە بەردەوامیدان بە پەیوەندی بەشێوەیەکی کاریگەر و هەروەها بە ئاگاداری و خەمخۆرییەوە ڕابەری بکەیت تاوەکو هەمووان لە کۆمپانیاکەتدا هەست بەوە بکەن کە پاڵپشتی دەکرێن.

نموونەی بزنس: پێویستە جەخت بخەیتە سەر گونجاندنی نموونە و ستراتیژیی بزنسەکەت کاتێک لە کاردانەوەوە دەڕۆیت بەرەو کەمکردنەوەی کاریگەریی پەتا جیها نییە کە. ڕەچاوی گۆڕان بۆ بژاردەی دیجیتاڵی بکە کاتێک بەرەو هەنگاوی کارکردن لە دوورەوە دەڕۆیت، بۆشاییەکانی ناو ژێرخانی تەکنەلۆژیای زانیاریت پڕبکەرەوە، دڵنیاببەرەوە لەوەی تیمەکەت بەباشی مەشقی پێکراوە بۆ کارکردن لەم ژینگە نوێیەدا، هەروەها بیرلەوە بکەرەوە کە چۆن وابکەیت نموونەی بزنسەکەت زیاتر وەڵامدەرەوە بێت بۆ کڕیارەکانت و لەبەرچاویان بگرێت بەوپێیەی ڕەنگە ویست و پێشبینییەکانیان لەئەنجامی پەتاکەوە گۆڕانی بەسەردا هاتبێت.

لێشاوی پارە و دارایی: دڵنیابەبوون لە باری ئابووری لەماوەی ئەم پەتا جیهانییەدا گەیشتووە بە ئاستێکی بەرز، بەتایبەتی کاتێک قەدەغەکردنی تەواوەتیی هاتووچۆ سەپێنرابوو، و بەدڵنیاییەوە کاری لە دەسکەوتی کۆمپانیاکان کردووە و لەئەنجامدا لێشاوی پارەی کەمکردووەتەوە. بۆ ئەوەی بزنسەکەت بمێنێتەوە، زۆر گرنگە کە بزانیت چۆن پێگەی داراییت لە هەفتە و مانگەکانی داهاتوودا ڕێکبخەیت.

ئەو سەرچاوەی پارانە دیاری بکە کە دەتوانن پاڵپشتیی بەردەوامیدان بە کارکردن بکەن، هەڵسەنگاندن بۆ ئەوە بکە کە دەتوانیت ئەنجامی بدەیت بۆ قازانج کردن لە لەهەر پەیڕەوێکی لێخۆشبوون لە باج لەلایەن حکومەتەوە بەهۆی ڤایرۆسی کۆرۆناوە، هەروەها بیر لە خراپترین سیناریۆکان بکەرەوە و پێداچوونەوە بۆ پلانی داراییت بکە بە پشتبەستن بەوەی دەیزانیت.

کـردارەکان و زنجیـرەی شـتوومەک: بەهـۆی برینـی زنجیـرەی خـۆراک لەئەنجامـی بڵاوبوونـەوەی (کۆڤیـد_١٩)وە، پێویسـتە کاریگەریـی تەنگـژەی وەسـتانی کردارەکانـی بزنسـەکەت کەمبکەیتـەوە.

جێگـرەوە بـۆ دا بینکەرەکانـت و مـاددەکان و ڕێگاکانـی گواسـتەوە بـدۆزەرەوە کـە دەکرێـت پشـت بـەو ناوچـە جوگرافییانـە ببەسـتێت کـە کەیسـی کۆڤیـد_١٩ تیایـدا کەمتـرە یاخـود بزنسـەکان کەمتـر کاریگەربـوون پێـی. سـتراتیژییەکانی نـرخ دانـان و بەبازاڕکردنـت بگونجێنـە.

بەڕێوەبردنـی قەیرانـەکان: بەدڵنیاییـەوە ئـەم پەتایـە چەندیـن بـاری چاوەڕواننەکـراو و جۆراوجـۆری گـەورەی لەگـەڵ خـۆی هێنـاوە کـە خـاوەن بزنسـەکان ئامادەنەبـوون بـۆ مامەڵەکـردن لەگەڵـی.

لەکاتـی بەئاگاهاتـن لـەم قەیرانـە، پێویسـتە خـۆت و تیمـی بەڕێوەبردنـی قەیرانـەکان هەوڵەکانتـان یـەک بخـەن بـۆ کاردانـەوە. ئەمـە ڕێگاخۆشـکەر دەبێـت بـۆ کۆمپانیاکـەت تاوەکـو بچێتـە قۆناغـی داهاتـووەوە. کاتێـک کەسـەکانت دەهێنیتـەوە سـەرکار، هەوڵەکانت بـۆ کاردانـەوە هەڵبسـەنگێنە، ئـەو شـوێنانە دیـاری بکـە کـە دەتوانیـت گونجاندنـی تێـدا بکەیـت، هەروەهـا وا لـە کـورت هێنانەکانـت بڕوانـە کـە دەرفـەت بـن بـۆ ڕاسـتکردنەوە و باشـتر کارکـردن.

بـاج و بـازاڕی بازرگانـی: بـۆ بڕیاردانێکـی شـارەزایانە کـە لـەم قەیرانـە جیهانییـەدا بزنسـەکەت بەرەوپێـش دەبـات، پێویسـتە ئـاگاداری ئـەو چوارچێـوە ئابـووری و سیاسـی و کۆمەڵایەتییـە بیـت کـە کاری تێـدا دەکەیـت.

بیـر لـە چۆنییەتـی جێگیرکردنـی زنجیـرەی شـتوومەک بکـەرەوە لەژێـر کاریگەریـی ئـەو دەسـکەوت و داهاتـە پێشـبینینەکراوەی بـازاڕدا. پاشـان بـەدوای هـەر ڕێوشـوێنێکی نوێـی باجـدا بگـەڕێ کـە لەئەنجامـی پەتاکەوە بڕیاریـان لەسـەر درابێـت.

چاکبوونەوە و جێگیرکردن:

بەرلـەوەی بیـر لـە هەنـگاوی دواتـر بکەیتـەوە و بەرەوپێـش بڕۆیـت، پێویسـتت بـە پلانێکـە تاوەکـو بزنسـەکەت بمێنێتـەوە لـە ئێسـتادا و لـە کاریگەرییەکانـی مانگەکانـی پێشـووش چاکبێتـەوە.

لەگـەڵ تیمەکەتـدا پـلان بـۆ چۆنییەتـی چاکبوونـەوە دابنـێ لەکاتێکـدا پارێـزگاری لـە چالاکییەکانـی بزنسەکەشـت بکەیـت. ئـەم خشـتەیە بەکاربهێنـە:

خشتەی چاکبوونەوە لە کۆڤید_١٩

نموونەی بزنسی ئێستا بیر لە گۆڕانکاری بکەرەوە بۆ خۆگونجاندن لەگەڵ ئەو تەنگژەیانەی کە سەرهەڵدەدەن. نموونەیەکی بزنسی خۆڕاگرتر بنیات بنێ بۆ دڵنیابوونەوە لە بەردەوامیی کار.	بەرهەمەکان/خزمەتگوزارییەکان بیر لە چۆنییەتی بەکارهێنانی سەرچاوەکان بە باشترین شێوە بکەرەوە بۆ دابینکردنی بەرهەم/خزمەتگوزاری بۆ کڕیارەکانت.	کردارەکان بیربکەرەوە ئەگەر پێویستت بە گۆڕینی ئامانجی هەریەکێک لە کردارەکانی بزنسەکەت بێت. بیر لە هەر شێوازییەک بکەرەوە کە ڕەنگا کار لە بزنسەکەت بکەن. جێگرەوە بۆ کۆبوونەوە کەسییەکان، گەشتکردنی کار،...هتد بدۆزەرەوە.
بازارگەری و گەیاندن بیر لە چۆنییەتی گەیشتن بە کڕیارەکانت بەباشترین شێوە بکەرەوە لەکاتێکدا پارێزگاری لە سەلامەتی هەمووانیش دەکەیت. سیستەمی نوێی دابەشکردن و گەیاندن دروست بکە. بیر لە بنیاتنانی ژێرخانێکی تەکنەلۆژیای زانیاری و گواستنەوە بۆ بازاڕگەریی دیجیتاڵی و فرۆشتنی ئامراز بکەرەوە.	دارایی هەڵسەنگاندن بۆ لێشاوی پارە، تێچووەکان، پارەدان، باجەکان، قەرزەکان، بەخششەکان و هاوبەشییەکانت بکە. نموونەی بزنسەکانت بگونجێنە تاوەکو لەگەڵ کاردانەوە پێویستەکان بۆ تەنگژە سەرهەڵداوەکان یەکبگرێتەوە.	پەیوەندییەکان بەردەوامی بە پەیوەندییەکانت بدە لەگەڵ کارمەند و هاوبەش و دابینکەر و کڕیارەکانتدا. هەمووان ئاگاداربکەرەوە و زانیارییان پێبدە لەبارەی هەر بڕیار و گۆڕانکاری و ڕووداوێکی نوێوە. بانگی هێزی کارت بکە تاوەکو پێکەوە پلانێکی چاکبوونەوە بنیات بنێن.
پەیڕەوکردنی ڕێوشوێنەکانی تەندرووستی ئاگاداری هەر تازەگەرییەک بە لەلایەن وەزارەتی و تەندرووستی و حکومەتەوە. ڕێوشوێنەکانی قەدەغەکردنی هاتووچۆ و سەلامەتی پەیڕەوبکە.	هێشتنەوەی کوالیتی	زنجیرەی شتوومەک ئەگەر زنجیرەی شتوومەکەکانت کاریگەربوون، سەرچاوەی جێگرەوە بۆ ماددەکانت بدۆزەرەوە. دڵنیاببەرەوە لە بەردەوامی و بەردەستی و کوالیتیی زینجیرەی شتوومەکەکانت.
هەڵگرتن هەڵسەنگاندن بۆ پێویستییەکانی ئێستات بۆ شوێنی هەڵگرتن و کۆگا بکە. بڕیاربدە کە ئایا شوێنی هەڵگرتنی درێژخایەن یاخود کورتخایەنت دەوێت. بیر لە جێگرەوەکان بکەرەوە بۆ کەمکردنەوەی تێچوو.	مەرجەکانی پارەدان بیر لە درێژکردنەوەی ماوەی پارەدان و هەڵوەشاندنەوە و گێڕانەوەی پارە بکەرەوە.	بەڵێننامەی کرێ بیر لە وتوێژکردن لەبارەی بەڵێننامەی کرێیەکەتەوە بکەرەوە.
کارمەندەکان جێگۆڕکێ بکە بۆ شێوازی کارکردن لە دوورەوە. دڵنیاببەرەوە لەوەی خۆگونجێنی لەنێو تینەکەدا هەیە. ئەگەر پێویستی کرد کاتژمێرەکانی کارکردن کەمبکەرەوە. ڕەچاوی مۆڵەتی درێژخایەن، مۆڵەتی نەخۆشی بە موچەوە، پشتگیری بکە. ڕەچاوی دانانی پلانی کتوپڕ بۆ کارمەندە سەرەکییەکان بکە لەحاڵەتی مردنیاندا،	زیان بژێری ڕەچاوی هەبوونی زیان بژێریی بێکاریی بۆ پاراستنی کارمەندەکانت و زیان بژێریی تەندرووستی و زیان بژێریی ژیان بکە.	شوێنی کارکردنی سەلامەت شوێن ڕێنماییەکانی بەرۆرسانی تەندرووستی بکەوە. ڕەچاوی تەنگژەی گواستنەوەی نەخۆسی بکە. هێندەی لەتوانادا بێت پەیرەوی پاک و خاوێنی و دوورکەوتنەوەی کۆمەڵایەتی بکە. ژمارەی کارمەندەکان لە یەک شوێندا سنووردار بکە.

کەمکردنەوەی کاریگەریی و دانانی ستراتیژی بۆ کۆڤید_٩١:

ئەم خشتەیە بەکاربێنە بۆ ئاگاداربوون لە کەمکردنەوەی کاریگەریی ئەو تەنگەیانەی کۆڤید_١٩ درووستی کردوون:

ناوچەی سەرنج	تەنگژە	ئەگەری ڕوودان	ئاست	دەرفەت	کرداری کەمکردنەوە	ئاستی دوای کەمکردنەوە
شوێنی کار						
کردارەکان						
تێچووەکان						
دەسکەوتەکان						
گەشەسەندن						
تەکنەلۆژیای زانیاری						

بنیاتنانی خۆڕاگری و بەردەوامی:

هەر کە پەتای کۆرۆنا کۆنترۆڵکرا، ئامانجی بزنسەکان ئەوە دەبێت کە بگەڕێنەوە بۆ باری ئاسایی. وەکو سەرکردەیەک، پێویستە ئەم هەلە بقۆزیتەوە بۆ بنیاتنانی کەلتورێکی خۆڕاگری لەنێو بزنسەکەتدا، هەڵسەنگاندنی پرۆسەی بەڕێوەبردنی تەنگژەکان و گونجاندنی لەکاتی بەرەوپێشچووندا.

بۆ بنیاتنانی کلتورێکی خۆڕاگری، پێویستت بەوە دەبێت کە زەمینە خۆش بکەیت وەکو هەنگاوێکی سەرەتایی؛ بە نموونەی بزنسەکەت دەستپێبکە.

نموونەیەکی خۆڕاگری بزنس درووست بکە:

دەکرێت نموونەیەکی بزنسی متمانەپێنەکراو و کۆن ببێتە تەنگژەیەکی گەورە بۆ بزنسەکەت ئەگەر شکست هێنا لە گونجاندنی لەگەڵ هەڕەشە دەرەکییەکاندا. کۆڤید_١٩ کاری لە تەندرووستیی هێزی کار و بەردەوامیی بزنس و بەرهەمهێنان و زنجیرەی شتوومەک و بەنزیکەیی هەموو بوارەکانی بزنس کردووە، کە وای کردووە پێویستی بۆ نموونەیەکی خۆڕاگری بزنس بێتەکایەوە.

١. بۆ دڵنیابوون لە بەردەوامیی چالاکییە بزنسیەکان لەماوەی پەتای کۆڤید_٩١ دا، ئەمانە چەند هەنگاوێکن کە دەتوانیت

بیانگریتەبەر بۆ نموونەیەکی بزنسی بەهێز و خۆڕاگر بۆ کۆمپانیاکەت:

- بیر لە نموونەی بزنسی ئێستا بکەرەوە: لەگەڵ تیمەکەتدا ئاڵوگۆڕی بیروڕا بکەن بۆ وەڵامدانەوەی پرسیاری وەکو:
- کڕیارە سەرەکییەکانمان کێن؟ لەکوێن؟
- ئێمە کام بەهایانە پێشکەس دەکەین بۆ یەکگرتنەوە لەگەڵ پێویستی و چاوەڕوانییەکانیاندا؟
- پێویستمان بە کام سەرچاوانەیە بۆ گەیاندنی بەهاکانمان؟
- -چۆن بەهاکانمان بگەیەنین؟
- -چۆن نموونە داراییەکانمان (تێچووەکان، دەستکەوت، زیانەکان) بەڕێوەدەبەین؟

٢. دیاریکردنی ئەو پەشێوییانەی کە دەکرێت ڕووبدەن: بیر لە نادڵنیایی و هەڕەشە و پەشێوییەکان بکەرەوە کە دەکرێت کۆڤید_١٩ ببێت بە هۆکاریان و کاریگەری جۆراوجۆری لەسەر چالاکییەکانی بزنسەکەت هەبێت.

٣. کاریگەرییەکە بپێوە: بیر لەوە بکەرەوە کە چۆن هەریەک لە هەڕەشە و پەشێوییەکان کاردەکەنەسەر بزنسەکەت. کاریگەرییەکان بە پشتبەستن بە بواری ناو بزنسەکە و چوارچێوەی کات و تێچوو و پێوەرەکان جیابکەرەوە.

٤. دیزاینی گۆڕانکارییە نوێیەکان بکە: بیربکەرەوە کە چی پێویستی بە گۆڕانە بۆ خۆئامادەکردن و کاردانەوە بەرامبەر کاریگەرییەکان. چارەسەرەکان دیاری بکە و هەڵیان بسەنگێنە، لەکاتێکدا کە گرنگی دەدەیت بە چارەسەری تاکنەلۆژیای زانیاری.

٥. ئەگەر بزنسەکەت پشتی بەستووە بە سەردانی کڕیارەکە بۆ فرۆشگاکە بۆ نموونە، ئەوا کاریگەریی سەر فرۆشت زۆر دەبێت ئەگەر حکومەت بڕیاری سەپاندنی قەدەغەکردنی هاتووچۆ بدات، بۆیە پێویستە بیر لە گۆڕانکاری کردن لە شێوازی فرۆشتنی بەرهەمەکانتدا بکەیتەوە، هەروەها بیرۆکەی پشت بەستن بە سەکۆکانی بازرگانیی ئەلکترۆنیی و ڕێگا سەلامەتەکانی گەیاندن هەڵبسەنگێنیت.

٦. -گۆڕانکارییەکان جێبەجێ بکە: زانیارییە بنچینەییەکانی هەنگاوەکانی پێشوو بەکاربێنە بۆ بڕیاردان و گۆڕانکاری کردنی شارەزایانە لە نموونەی ئێستای بزنسەکەتدا، دڵنیاببەرەوە لەوەی تیمەکەت بەشدارن و ئاگاداری ئەو گۆڕانکارییانەن، هەروەها تیشک بخەرەسەر چۆنیەتی جێبەجێکردنیان پێکەوە بەباشترین شێوە.

٧. نموونەیەکی باش بۆ جێ بەجێکردنی گۆڕانکاری بریتییە لە گۆڕینی فرۆشگاکەت بە کۆگایەک و فرۆشتنی بەرهەمەکان لەڕێگەی سەکۆ ئۆنلاینەکانەوە، کە دەکرێت دەرفەتێک بێت بۆ کەمکردنەوەی بەریەککەوتنی جەستەیی چونکە پێویستی بە کارمەندی کەمترە، هەروەها تێچووەکانی هەڵگرتن و گواستنەوەی بەرهەمەکان لەنێوان فرۆشگا و کۆگاکەدا.

ئەو وانانە لەدەست خۆت مەدە کە لە کۆڤید_١٩ فێری بووین

- شارەزایانی جیهانی بزنس هیواخوازن کە ئەم پەتە جیهانییەی هەموومان ئەزموونمان کردووە وابکات کە ئەندامی تیمەکان لە تەواوی کۆمپانیایەکدا لەگەڵ سەرکردەکانیان پێکەوە بیر لە چۆنییەتی ڕزگاربوون لەم قەیرانە بکەنەوە.
- پێویستە سەرۆکی کۆمپانیاکان بزانن کە بوونی پڕۆسەیەکی بەهێزی بەڕێوەبردنی تەنگژەکان چەند گرنگە، هەروەها بنچینە بۆ ئەنجامدانی ئەم کارە لەڕێگەی پەیوەندی بەستنی کاریگەر و هاریکارییەوەیە.
- پێویستە سەرۆکی کۆمپانیاکان هانبدرێن کە لە کاردانەوەیەکی باوی تەنگژەکانەوە بجوڵێن بۆ گۆشەنیگایەکی فراوانتر و ڕاستەوخۆتر.
- پێویستە سەرۆکی کۆمپانیاکان لە زیانە تراژیدییەکانی ئەم ماوەیەوە فێربن چۆن خۆڕاگری لەنێو دەزگاکانیاندا بنیات بنێن تاوەکو باشتر بەرگەبگرن و خۆڕزگاربکەن لە تراژیدیای لەم شێوەیە.
- سەرەڕای داخستنی سنوورەکان و قەدەغەکردنی هاتووچۆ، کۆڤید_١٩ جیهانی زیاتر لەیەک نزیک کردووەتەوە. ئێستا دەتوانیت کۆبوونەوە بکەیت، بچیتە بۆنەکان، سیمینارەکانی سەر تۆڕی ئینتەرنێت، هەروەها مەشق پێکردن لەلایەن باشترین پسپۆڕەکانی جیهانەوە بەبێ ئەوەی پێویست بکات نیگەرانی ڤیزا و کاتی لەدەستچوو و تێچووەکان بیت. بیر لە هەنوو ئەو هەلانە بکەرەوە کە دەتوانیت بیانقۆزیتەوە بۆ پەرەدان بە بەهرەی هێزی کارەکەت و هێنانەناوەوەی شارەزایی و گۆڕینەوەی ئەزموون و بەجیهانی کردنی کۆمپانیاکەت.
- پێویستە سەرۆکی کۆمپانیاکان لەگەڵ تیمەکانیان کاربکەن بۆ فێربوونی وانە لە ڤایرۆسی کۆرۆناوە و بنیاتنانی بناغەیەکی پتەو بۆ پڕۆسەکانی بەڕێوەبردنی تەنگژەکان تاوەکو ئامادەبن بۆ قەیرانی نەناسراوی دواتر.

Contact

Follow SPARK on

[Facebook]
[LinkedIn]
[Twitter]
[YouTube]

Newsletter

Subscribe to our newsletter via www.spark.ngo

General contact

SPARK
Haarlemmer Houttuinen 15H
1013 GL Amsterdam
The Netherlands

Email spark@spark-online.org
Phone 0311 753 20(0) 31+
Website www.spark.ngo

Ministry of Foreign Affairs of the Netherlands

spark